# ئێراق: ناسنامەکانو ستراتیژی نەتەوەیی کوردستان

**(بەشی چوارەم)**

## ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی

ئێستا شیعەکانی ئێراق، بە تایبەتی توندڕەوەکانیان، وەک ڕەوتی سەدر، تەنها داواکاری بەشداری دەسەڵات ناکەن، بەڵکو دەیانەوێ دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ئێراق بسەپێنن. شیعەکان بە گشتیو ڕەوتە توندڕەوەکانیان بە تایبەتی، چاک دەزانن کە ئەگەر ئەمریکا ڕێگای دەسەڵاتی لە ئێراق بۆ تەخت کردن بەڵام هەر ئەمریکاشە لە درێژ ماوەدا ڕێگری جیدی دەبێ لەسەر ڕێگایان بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتیان بە سەر تەواوی ئێراقدا، بۆیە پێکدادن لە نێوان ئەوانو ئەمریکا بە حەتمی دەزانن.

سیاسەتی هێزە شیعیەکان تا ڕادەیەکی زۆر سیاسەتێکی ئایینیەو پیاوە ئایینییەکان ڕۆڵێکی سیاسی گرنگ دەگێڕنو گشت ئامانجە سیاسییەکانیشیان لە بازنەی بەرژەوەندی تایفیدا دەخولێتەوە. بۆیە بە گشتی بوونی ڕەوتی جیاوازی سیاسی لە نێو شیعەکان ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازییە سیۆلۆژییەکانیان، بەڵکو زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی دەسەڵاتو جیاوازی لە پرۆژەی سیاسیو تەقالیدی ڕۆشنبیریو بەرژەوەندی هۆزایەتیو خێزانی.

لە بەشی سێیەمی* ئەم نووسینەش ئاماژە بەوە کردووە کە "بە شێوەیەکی گشتی ڕەوتی ئیسلامی شیعەگەرا بە هەموو ڕێکخستنو هێزو حیزبەکانی لە ژیانی سیاسی ئەمڕۆی ئێراقدا نەیتوانیوە ئامانجەکانی لە چواچێوەی تایەفەی خۆی دەربچێ، بەڵام ئەمە هەرگیز بە مانای نەبوونی جیاوازی لە ئامانجو ستراتیژ لە نێو هێزە ئیسلامییەکانی شیعە مەزهەبەکان نییە. ئەم بارودۆخە ڕەنگە لە داهاتوو ئاڵوگۆری بەسەر بێت. هەڵوێستی هێزە شیعە مەزهەبەکان، بەلایەنی کەم لە درێژ ماوەدا، هەموویان لە یەک سەبەتە ناتوانرێ کۆبکرێنەوە لە پەیوەند بە بیرۆکەی فیدرالیزمو ناسنامەی ئێراقو هێزە سوننە مەزهەبییەکانی عەرەب. ئەگەرچی لە سەرنجی یەکەمدا شیعەکانی ئێراق یەکگرتوو و یەکدەست دێنە پێشچاو, بە تایبەتی کاتێک ڕووبەڕووی هێرشی دەرەوە دەبنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوانیش وەک هەر کۆمەڵێکیتر دابەش بوونە بەسەر چەندین ڕەوتی سیاسی جیاواز کە هەریەکێکیان بەرژەوەندی مەزهەبیو نەتەوەییو هۆزایەتیو ناوچەیی جیاوازی هەیە". لەم بەشەشدا بە کورتیو خێرایی ئاماژە بە چەند ڕەوتی سیاسی سەرەکی شیعی دەکەم.

## سیستانیو ئایەتوڵلاکانی نەجەف

ئایەتوڵلا سیستانی، کە بە ڕەگەز ئێرانییەو ئەمڕۆ مەرجەعی شیعەکانی ئێراقە، پێیوایە پیاوانی ئایینی، بە تایبەتی ئایەتوڵلاکان، پێویستە بەشداری خۆیان لە کاروباری سیاسی دەوڵەت لە چوارچێوەی بۆنەو ڕووداوە نیشتمانیو چارەنووسسازەکانو دیاریکردنی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگاو دەوڵەت قەتیس بکەنەوە، بە مانایەکیتر لەو باوەڕەدایە کە دوورکەوتنەوەی ووشیارانەو کونترۆڵکراوی پیاوانی ئایینی لە سیاسەتو بەشداری نەکردنی ڕاستەوخۆیان لە ووردەکارییە ئیدرایەکانی حکومەت زیاتر بە قازانجیانە دەگەڕێتەوە. بێگومان ئەمەش لەبەرئەوە نییە کە سیستانی حەز لە دەوڵەتی ئایینیو ولایەتی فەقیهی ناکات، وەک

هەندیک چاودێری سیاسی بە هەڵە بۆی چوون،  بەڵکو ئەم هەڵوێستەی سیستانی، ئەگەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیو ئایینیو مەزهەبیو نەتەوەیی ئێراقو هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان لە پێشچاو بگرین، دەربڕی دووربینیەکی سیاسی دەگەیەنێ. بەڵام ئەم سیاسەتەی کە ئایەتوڵڵا سیستانی لەمەڕ بەشداری کردن لە سیاسەت لە سەردەمی بەعسو تا ماوەیەکیش دوای ڕووخانی بەعس بە هەستیارییەوە دەیویست پەیڕەوی لێبکا، دەرکەوت زۆر سەرکەوتوو نییە. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

**یەکەمیان:** بە ڕووخانی بەعسی عەرەبی  چالاکی سیاسی شیعەکان لە هەموو ئاستەکان گەشەی کرد، کە ئەمەش وایکرد پێویستی بە ڕابەرایەتیەکی خاوەن ئۆتۆریتەو ووشیارو دووربین هەبێ، چونکە لە لایەک زۆر مەسەلەی سیاسیو کۆمەڵایەتی پەیوەست بە پرۆسەی سیاسیو پرۆژەی بنیاتنانەوەی ئێراق، کە چارەنووسساز بوون بۆ شیعەکان، بێنە پێشەوە کە پێویستی بە قسەو ئامۆژگاریو ئاراستەکردنی مەرجەعی نەجەف دەکرد، لە لایەکیتر ئایەتوڵلاکانی نەجەف دەیانزانی ئەگەر ئەوان ئەم بۆشاییە لە ڕابەرایەتی پڕ نەکەنەوە ئەوا لایەنیتر پڕی دەکاتەوە، لە حالەتی واشدا جێگەوڕێگەیان دەکەوتە مەترسییەوە. بۆ نموونە موقتەدا سەدر هەر لە سەرەتاوە دەیویست بۆشایی ڕابەرایەتی شیعەکان، لە کێشمەکێش لەگەڵ سیستانی، پڕ بکاتەوە، لەم ڕاستایەشدا بەردەوام ڕەخنەی لە سیستانی دەگرت بەوەی بێدەنگە لە بەرامبەر "داگیرکەری ئەمریکا"و نایەتە دەنگ بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی شیعە. هەر بەم بیانووەش مەرجەعی نەجەفی بە "مەرجەعی بێدەنگ" نادەبردو مەرجەعی خۆی بە "مەرجەعی قسەکەر".

**دووەمیان:** بارودۆخی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی کرانەوەیەکی سیاسی گەورەی لەگەڵ خۆ هێنا کە ئەمەش وایکرد ئەو بێدەنگی سیاسییەی کە ئاتوڵلاکان بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەیڕەویان لێدەکرد پێویستیەکەی نەمێنێ.

ڕەوتی سیستانی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی میانڕەو لە بەرامبەر ئەمریکاییەکانو پرۆسەی سیاسی ئێراق توانی هەم ببێتە سیمبۆلو هۆکاری یەکگرتوویی هەموو هێزە سیاسیەکانی شیعەو هەم شیعەکان بپارێزێ لە دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵە مێژووییەی کە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق کردبوویان ئەویش بە بەرپاکردنی شەڕێکی دەستەویەخەو دۆڕاو لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان. سیستانی دەیزانی هاتنی ئەمریکایەکان بۆ ئێراق هەلێکی مێژوویی بۆ پەتەوکردنی دەسەڵاتی سیاسیو فەرهەنگیو ئیداری شیعەکان لە دەوڵەتی ئێراقدا خوولقاندووە. بۆیە بەردەوام بواری بۆ ووتوێژو مناورە لەگەڵ ئەمریکا، لە پێناو وەدەستهێنانی لایەنی کەمی داواکارییەکانی، دەهێشتەوە. لەم سیاسەتەشدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام ڕەوتی سیستانی کۆمەڵێک هەڵەی کرد (دواتر ئاماژەیان پێدەکەم) کە ڕۆشنە ئەمڕۆ باجەکەی دەدا.

## ڕەوتی سەدر

لە ئێستای ئێراقدا یەکێکە لە گرووپە سیاسییە سەرەکییەکانی شیعە کە لە لایەن موقتەدا سەدر (نەوەی ئایەتوڵلا موحەمەد باقر سەدر کە یەکێک بوو لە پیاوە ئایینە بەرزەکانی شیعەکانی ئێراق)  سەرۆکایەتی دەکرێ. ڕەوتی سەدر بە ئاشکرا داوای دامەزراندنی دەوڵەتی دینیو ولایەتی فەقیهی دەکات، هەربۆیەش بە بەراورد لەگەڵ باڵاکانیتری شیعە خاوەنی کۆنەپەرسترین بەرنامەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. موقتەدا خۆی لە ڕووی ئایینیەوە جێگەوڕێگەیەکی بەرزی نییە بەڵام خاوەنی میراتی پلەی بەرزی ئایینی و خۆشەویستی باوکو باپیریتی لە نێو شیعەکان. خێزانی سەدر بە ڕەگەز عەرەبنو بنچینەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ لوبنان.

بەوپێیەی زۆربەی شیعەکانی ئێراقیش عەرەبن ئەوا موقتەدا بۆ پاشەکشەپێکردنو بێهێزکردنی پایەی ئایینیو سیاسی ئایەتوڵڵا سیستانیو ئایەتووڵڵاکانیتری غەیرە عەرەبی نەجەف هەمیشە بنوبنچینەی سیستانی (کە ئێرانیە) و چوار مەرجەعەکەیتری ئێستای نەجەف لە پەیوەند بە مەسەلەی سەروەری نیشتمانی دەورژێنێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی عەرەبو بەکارهێنانی هەستی نیشتمانی شیعەکانی ئێراق لە دژی مەرجەعی سیستانی. ئەم مەسەلەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چونکە موقتەدا بەم مەسەلەیە دەیەوێ بە جیهانی عەرەبو شیعەکانی ئێراق بلێ کە ئەو هەڵگری پەیامو نەهجێکی نیشمانییە بۆ سیاسەتی شیعەکانی ئێراق، بەمەش دەیەوێ هانیان بدا بۆ ڕەتکردنەوەی ڕابەرایەتی غەیرە عەرەبی بۆ شیعەکانی ئێراق.

موقتەدا بە وەستانەوەو دژایەتیکردنی ئەمریکا توانی خەڵکێکی زۆری شیعەو هاوسۆزییەکی باشیش لە نێو جیهانی عەرەب بەدەست بێنێ. گەرچی موقتەدا سەدر بوونی ئەمریکاییەکان لە ئێراق بە قازانجی خۆی نابینێ و بەرزکردنەوەی شیعاری دژی ئەمریکاییش لەلایەن ئەوەوە بەشێکی پەیوەندی بە ئایدۆلۆژیاوە هەیە، بەڵام بەشەکەیتری پەیوەندی بە دژایەتیکردنی سیستانیو هەژموونی ئایەتوڵڵاکانی نەجەفە بەسەر شیعەکانو بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەزگاو بنکە ئایینیە پیرۆزەکانە، ئەمەش لە ڕاستای وەدەستهێنانی شەرعیەتی ئایینیو سەپاندنی ڕابەرایەتی خۆیو کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی سەروەتە. وەک پێشتریش ووتم کە گشت هێزە ئایینیە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگای شیعەکان لە بازنەی گشتی تایفەی مەزهەبی شیعەگەری دەخولێنەوە، بۆیە جیاوازییەکانیان سیۆلۆژیک (theology) نییە بەقەدەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کێشمەکێش لەسەر دەسەڵاتو کاروباری کۆمەڵایەتیو دوژمنایەتی خێزانی..هتد. بۆ نموونە سەدریەکان بەهەرمەندن لە هەمان ڕۆشنبیری تایبەتی شیعەکانی ئێران بەڵام لە پاڵیدا ووشیاریو تایبەتمەندییەکی عەرەبی بەهێزیشیان هەیە کە ئەمە هەم جیایان دەکاتەوە لە باڵەکانیتر، هەم وایکردووە کەمتر بکەونە ژێر کۆنترۆڵی ئێرانییەکان.

## ئەنجومەنی باڵای شورشی ئیسلامی لە ئێراق

ئەم کۆمەڵەیە بە یارمەتی ئێران لە ساڵی 1982 لە لایەن بنەماڵەی حەکیم بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا سەید باقر حەکیم (لە ساڵی 2004 کوژرا) پێکهات، کە زیاتر ئەو خەڵکانەی لە خۆ دەگرت کە لە ئێراقەوە بۆ ئێران هەڵاتبوون. ئەنجومەنی باڵای شورشی ئیسلامی لە ئێراق ئەندامێکی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی بوو و ڕابەرانی لە زووەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکاییەکان سەبارەت بە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەرەبی گرتبوو، هەربۆیە ئامانجو نیەتەکانیان تا ڕادەیەک شاراوە نییە. ئەمە نابێ والێکبدرێتەوە کە ئەمانە باوەڕیان بە دەوڵەتی ولایەتی فەقیهی نییە بەڵام ئەمانە زۆر پراگماتیانەو هەستیارانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بارووبۆخی ئێراق دەکەن، بە جۆرێک نایشارنەوە کە ئامادەن فیدراڵیەتو مەبدەئی پلوڕالیزم قبول بکەن. ئەوەی جێی سەرنجە کە ئەم ڕەوتە لە کاتێکدا دژایەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکاییەکان ناکەن، ئەوا پەیوەندییان لەگەڵ ئێرانیش زۆر پتەوەو مێژووییە. پەیوەندی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامیو بنەماڵەی حەکیم لەگەل مەرجەعیەتی نەجەف زۆر باشە، بە پێچەوانەوە لە گەڵ بنەماڵەی سەدر لە کۆنەوە لە کێشمەکێشدان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە نەجەفدا. تا ئێستا بارووبۆخی سیاسی ئێراقو هاوسەنگی هێزەکان ڕێگەی گرتووە لە تەشەنەکردنی کێشمەکێشی نێوان هەردوو بنەماڵەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لە نێوانیان بەڵام بە دووری ناگرم کە لە داهاتوویەکی نزیک بە بەهێزبوونی زیاتری ڕەوتی سەدر کێشە سیاسیو خێزانییەکانیان شەفافتر سەرهەڵبدەن. بە پێچەوانەی سەدرییەکان بنەماڵەی حەکیم زیاتر لە ژێر کاریگەری تەقالیدو ڕۆشنبیری ئێرانیدانو بەمەش کەمتر هەڵگری ووشیارییەکی عروبین.

## حیزبی دەعوەی ئیسلامی

یەکێکە لە حیزبە کۆنەکانی  شیعەکانی ئێراق، کە دامەزرێنەری سەرەکی ئەم حیزبە موحەممەد باقر سەدرە (باپیری موقتدا سەدر). لە سەرەتاوە ئەم حیزبە داوای دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد بەڵام لە ساڵانی هەفتاکان کەوتە بەر هێرشی بەعسییەکانو بەشێکی زۆر لە کادرەکانو ڕێکخستنەکانی لە نێوبردران. حیزبی دەعوە بەشداری کرد لە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای شورشی ئیسلامی لە ئێراق، بەڵام لەبەرئەوەی باڵێکی ناو حیزبەکە دژایەتی دەستێوەردانی ئێرانیان لە کاروباری حیزبو ئەنجومەندا دەکرد، سەرئەنجام  حیزبی دەعوەی دابەش کرد بەسەر دوو بەش کە بەشێکیان لەگەڵ ئێران مانەوەو بەشەکەیتریان، کە سەربەخۆتر بوونو ئیدعای ئێراقیبوونیان دەکرد، چالاکیاکانیان گواستەوە بۆ سووریاو لەندەن. ئەم حیزبە لە سەرەتادا هەڵوێستێکی ڕۆشنیان بەرامبەر بە پرۆسەی ئازادی ئێراق نەنواند بەڵام دوایی بەشداری پرۆسەی سیاسی ئێراقیان کرد. تا ئێستاش هەڵوێستیان  لە بەرامبەر زۆر پرسی گرنگی ئێراق لە بابەت بوونی ئەمریکا لە ئێراقو فیدرالیزمو کێشەی کەرکووکو ناسنامەی ئێراقو...هتد ڕۆشن نییەو زیاتر هەلوێستی تەکتیکی دەنوێنن. جەماوەری ڕابردوویان کەم بۆتەوەو بریقی جارانیان نەماوەو ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەڵ ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێراق لە ڕەوتی سەدر نزیک دەبنەوە. حیزبی دەعوە وەک سەدرییەکان توندڕەو نین بەڵام ناشتوانن خۆیان زۆر دوورخەنەوە لێیان چونکە هێزی خۆیان لە سەدرییەکان دەبینەوە. بە کورتی چارەنووسو داهاتووی ئەم حیزبە ڕۆشن نییە.

دیارە زۆر هێزی سیاسیتری شیعە هەن لە بابەتی حیزبی فەزیلە،ڕێکخراوی کاری ئیسلامی، حیزبوڵڵای ئێراق...هتد بەڵام من بە پێویستم نەزانی باسیان بکەم چونکە ئەوانە هەڵوێستو بەرنامەکانیان زیاتر لە فەلەکو بازنەی ڕەوتە سەرەکییەکانی سەرەوە دەخولێنەوە.

- ماویەتی -

21 جێنەوەری 2007 ـ هۆڵەندا

*بۆ خویندنەوەی بەشی یەکەمو دووەمو سێیەمی ئەم نووسینە سەردانی ئەم ماڵپەڕەی خوارەوە بکەن:

http://rwandzi.blogfa.com